# تەرازوویەکی سمارت ڕێژەی کالۆری و شەکریش دەپێوێ

حەز دەکەی ئەو خواردنەی ئەمڕۆ دەیخۆی، بزانی ڕێژەی شەکری چەندە، یان چەندە کالۆری تێدایە، بۆ ئەوەی ئاگاداری تەندروستی خۆت بی و شەکر و کالۆری زۆر بەکارنەهێنی، تەرازوویەکی هۆشمەندی چێشتخانە لە پیشانگای ساڵانەی CESدا نمایشکرا، جگە لەوەی کێشی شتەکان دەپێوێ، ڕێژەی شەکر و کالۆری ناو شتەکانیش دیاری دەکات، بۆ نموونە کاتێك پارچە گۆشتێك یان گڵاسە برنجێك دەخەیە سەر تەرازووەکە پێت دەڵێت ئەم گۆشت و برنجە ئەوەندە شەکر و ئەوەندە کالۆری هەیە.

تەرازووە هۆشمەندەکە بە Pepper ناسراوە، لە سیستەمی دەنگی ئەلکسای ئامازۆن سوود وەردەگرێت، ئەم تەرازووە دەتوانێت لێکدانەوە بۆ ١٥٠ جۆر خۆراك بکات کە ڕۆژانە بەکار دەهێندرێت. تەرازووی ناوبراو لەگەڵ تۆڕی وای-فای دەبەسترتێەوە و دەتوانێت مێژووی ئیسکپایەری خواردنەکانیش لەخۆیدا خەزن بکات، تەرازووەکە تەنیا ئەرکی کێشان ناکات، بگرە کۆترۆڵی ئامێرەکانی ماڵەوەش وەك گلۆپ و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان دەکات، تەنانەت دەکرێت ماڵپەڕەکانیش بەهۆی تەرازووەکە بکەیەوە. ئەگەر ڕژێمێکی خۆراکیت هەبێ و دکتۆر بۆ نموونە دەڵێت نابێ لەو ڕێژەیە زیاتر خوێ بەکار بێنی، ئەو ڕێژەیە دەخەیە سەر تەرازووەکە، هەرکاتێك ڕێژەکە لەوە تێپەڕی، بە زەنگێك بەکارهێنەرەکەی هۆشیار دەکاتەوە.






## مۆبایلێکی ٤٨ میگاپ

کۆمپانیای Hisense کە زۆرترین کاروچالاکییەکانی لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆندا چڕکردۆتەوە، بەڵام لە کۆمپانیای ساڵانەی CES دا چاوەڕوانی ئەوەی لێنەدەکرا کە مۆبایلێکی ٤٨ میگاپیسکلی بخاتەڕوو.. مۆبایلەکەی (های سێنس) بە U30 ناسراوە.

ئەمە یەکەمین مۆبایلە کە کوالیتی هەستەوەری وێنەگرتنەکەی ئەوەندە لەسەرێ بێت، خودی



## ئۆتۆمبێلی خۆڕۆ سەرنشینەکانی ڕۆبۆتن

**لە پیشانگای ساڵانەی CES2019دا کۆمپانیایەك ئۆتۆمبێلێکی خۆڕۆ واتە بێ شۆفیری خستەڕوو، ئۆتۆمبیلێك کە بۆ سواربوون نییە و بۆ گەیاندنی پۆستە و کەلوپەلە بۆ شوێنەکان، بەڵام سەرنشینەکانی ئۆتۆمبیلەکە ڕۆبۆتن، هەرکاتێك لە شوێنی مەبەست ئۆتۆمبیلەکە رایگرت، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هەڵگری کەلوپەلن دادەبەزنن و کەلوپەلەکان دەگەیەنن و پاشان دەگەڕێنەوە لای ئۆتۆمبیلەکە و سوار دەبنەوە. ئۆتۆمبیلەکە بە CUbE ناسراوە.**

# کیبۆرد و ماوسێک بۆ ئیکس بۆکس



مایکرۆسۆت وەك بەرهەمێنی ئامێری یاری ئێکس بۆکس لەمێژە هەوڵ دەدات، ئامێرەکە لە ئامێرێکی سادە و ساکارەوە بۆ ئامێرێکی پێشکەوتوو بگۆڕێت، هەوڵ دەدات وەك کۆمپیوتەر ئیکس بۆکس خاوەنی کیبۆرد و ماوسی خۆی بێت.. کۆمپانیای razer کە وەك گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنی کیبۆرد و ماوس ناسراوە، ئامانجەکەی مایکرۆسۆفتی هێناوەتەدی و کیبۆرد و ماوسی Turretی بۆ ئێکس بۆکس بەرهەم هێناوە.

کیبوردەکە ١٠٤ دوگمەی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە وەك کیبۆردی کۆمپیوتەر دەچێت، بەڵام بۆ ئیکس بۆکس بەرهەم هاتووە، لەبری دوگمەکانی کۆنترۆڵی لای راست، دوگمەی ئێسك بۆکس هەیە. لە پەنا کیبۆردەکە پەدێکی ماوس هەیە کە لەلای راستی کیبۆردەکە داندراوە و دەچێتەوە پاڵ کیبۆردەکە. لەسەر پادەکە ماوسێك هەیە و هەندێك موگناتیس ب راگرتنی ماوسەکە.

کیبۆرد و ماوسەکە وایەرلەیسە و تەنیا دینگلێکی بچووك هەیە بۆ پەیوەندی دان لەگەڵ ئامێری ئیکس بۆکس، بۆ شەحنکردنەوەشی کێبلێکی USB-C لەگەڵدایە، دوگمەکانی کیبۆردەکە هەڵدەبن و سەرنجی بەکارهێنەر رادەکێشن و بە هەموو رەنگێك دەگۆڕدرێن. کێشی کیبۆرد و ماوسەکە پێکەوە نزیك بە دوو کیلۆ دەبێت.



## یکسڵی بەرهەم هات

هەستەوەرەکە هی کۆمپانیای سامسۆنگە.. مۆبایلی ناوبراو تایبەتمەندییەکانی دیکە زۆر لەسەرێ نییە و لە ریزی مۆبایلە ئاساییە سمارتەکان دێت، کامێرایەکی ٥ میگاپیسکلیش لە پێشەوەیە. شاشەکەی ٦,٣ ئینجە، کوالیتی HDیە. سسیتەمی ئەندرۆیدی ٩ی لەسەرە. رامەکەی ٨ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگایە، بەڵام باترییەکی بەهێزی هەیە کە پشتیوانی لە شارژی خێرا دەکات.






# میمۆری یەک ترابایتیش بەرهەم هات

میمۆری بچووکین یادگەی هەڵگرتنی داتاکانە، کاتێك کە میمۆرییە یەك گیگابایتییەکان بەرهەم هاتن، کەس بە خەیاڵیشی دا نەدەهات رۆژێك بێت ئەم رێژەی بگاتە سەد گیگا و یان وەك ئەوەی کە لە پیشانگای ساڵانەی CESدا نیشان درا میمۆری زیاتر لە هەزار گیگا واتە ترابایتێك بەرهەم بێت.

کوالیتی وێنە و فیلمەکان رۆژبەرۆژ بەرەو سەرتر رۆیشتن، لە HDیەوە بۆ fullHD و دواتر K4 و لەم دواییەشدا K8.. میمۆرییە قەبارە بچووکەکان وەڵامدەری ئەو کوالیتیانە نەبوون.

ئەگەر دەتهەوێ هەرچی وێنەی گرتووتە، یان هەرچی زانیاری و داتای هەتە لە گیرفانت دابێ، ئەوە میمۆرییەکی یەك ترابایتی هەڵگرەو ئیدی بەسە.

کۆمپانیای LongSys لە پێشانگای ساڵانەی CESدا میمۆرییە یەك ترابایتییەکەی خۆی خستەڕوو، بەڵام ئێستاکە نرخی خودی میمۆرییەکە لە هەندێك مۆبایل و کامێرا گرانترە.

خێرایی خوێندنەوە لەم میمۆرییەدا ٩٥ میگایە لە چرکەیەکدا، وەك زۆربەی میمۆرییەکانی دیکە. بەڵام هەرگیز نابێت بۆ هەڵگرتنی داتاکان پشتی پێ ببەسترێت، چونکە شکانی میمۆری زۆر ئاسانترە لە شکان و ونبوونی میمۆرییەك زۆر ئاسانە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت نازانم بۆچی کێشەیەك لە گەلەری مۆبایلەکەمدا هەیە، زۆر لەوێنەکان یان خەزن نابن یان نیشان نادرێن هۆکارەکەی چییە؟

خوێنەری بەڕێز، کاتێك وێنەکانی سەر گەلەرییەکەت دەکەیەوە و سەیری دەکەی، لە هەر کردنەوەیەکدا فایلێکی بچووك زێدە دەبێت بەڵام نەك لە گەلەری دا بەڵکو لە (کاش)ی گەلەریدا، واتە وەك سێبەر وایە، بە کردنەوەی بەردەوامی گەلەری، وێنە بچووکان کەڵەکە دەبن و وا دەکەن وێنە راستەقینەکە نەبیندرێ، بۆ چارەسەری بچۆ سەر بەشی پرۆگرامەکان و لەوێدا gallery ببینەوە، دوای ئەوەی کردتەوە، شوێنێك نووسراوە Clear cache دەست لەسەر ئەو بەشە دابگرەو دیلتی بکە.. ئەوە تەنیا وێنە سێبەرەکان دەسڕێتەوە و وێنە راستەقینەکان دێڵێتەوە.

# دیسکتۆپی مەجازی بۆ ویندۆز

پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە دەکرێت وەك دیسکتۆپی مەجازی بۆ کۆمپیوتەر سوودیان لێوەربگیردرێت، یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Actual Virtual Desktops.

زۆرجاران کاتێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت لەیەك کاتدا لەسەر چەندین پرۆگرام کار دەکەی و پەنجەرەی زۆر دەکەیەوە، دەبینی دیسکتۆپەکەتان زۆر قەرەباڵغ بووە، یان جار هەیە ئەوەندەت فایل لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەرەکەت خەزن کردووە، کە بە دژواری دەتوانی فایلی مەبەستت بدۆزیەوە، بۆ چارەسەری ئەم رێگایە دەکرێت پرۆگرامی Actual Virtual Desktops بەکار بێنی. بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانی لەیەك کاتدا چەندین دیسکتۆپ بەکار بێنی، بۆ نموونە یەکێکیان تایبەت بکەی بە کاری دیزاین و نەخشەسازی، یەکێك بۆ وۆرد و نووسین، یەکێك بۆ یاری و گەیم...تاد.

بە ئاسانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی فایل و پەنجەرەو ئایکۆنەکان رێك بخەی و دەستەبەندیان بکەی، بۆ هەر دەستەیەك دیسکتۆپێك دابنێی. تەنانەت دەکرێت لە یەك کاتدا دیسکتۆپە مەجازییەکان لەسەر مۆنیتۆرە جیاوازەکان هاوبەش بکەی، بۆ نموونە کۆمپیوتەرەکەت دوو شاشەی لەسەرە، یەکێکیان تایبەت بکەی بە دیزاین و نەخشەسازی و یەکێکیان بۆ ئەرکێکی دیکە..






# فلاش میمۆری ٤ ترابایتیش بەرهەم هات

فلاش میمۆری باوترین و گشتگیرترین و ئاسانترین ئامێری راگواستنەوەی داتاکانە، ئەگەر قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لە فلاش میمۆریدا زیاتر بێت لەوەی کە هەیە، ئەوکات هاردی پورتێبڵ (هاردی دەرەکی) هیچ کاریگەرییەکی نامێنێ..

لە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا کۆمپانیای western digital نموونەیەکی لە فلاش میمۆرییەکی ٤ ترابایتی خستەڕوو، چوار ترابایت هەڵگرتنی داتا بۆ فلاش میمۆری قەبارەیەکی یەکجار زۆرە، چونکە هاردی پۆرتێبڵی بەم قەوارەیەش کەمن.

دیارە ئەوەی کە نیشاندرا تەنیا نموونە بوو، هێشتا نەکەوتۆتە بازاڕەوە، بەڵام لەداهاتوودا دەبێ چاوەڕانی بکەین، ئامانجی کۆمپانیای کۆمپانیای نابراو لە بەرهەمهێنانی ئەم فلاشەدا ئەوەیە کە ئەگەر هەوڵ بدرێت فلاش میمۆری بەم قەبارەیە بەرهەم دێت.

فلاش میمۆرییەکە زیاتر بۆ هەڵگرتنی داتاکانە، ئەگینا وەك فلاش میمۆرییەکی ئاسایی ناتوانی بەردەوام بەدەستیەوە بگری.



## ماڵپەڕێک بۆ تێستی خەمۆکی و نیگەرانی

خەمۆکی و سترێس لە ریزی نەخۆشییە دەروونییەکان دێنە ژمار، تەنانەت سترێس وەك نەخۆشی جەستەیش سەیر دەکرێت، کاریگەرییەکانی ئەو نەخۆشییەکانە وا دەکات مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر بەباشی هەڵسوکەوت نەکا و بێزاری بەسەریدا زاڵ بێ، یان وەك دەگوترێ زۆربەی خۆکوژییەکان سەرچاوەکەیان خەمۆکی و سترێسە..

ئەو نەخۆشیانە نیشانەیەکی جەستەیان تێدا نابیندرێ، بەڵکو دەبێت لە رێگای تاقیکاری و تێستکردنەوە بزاندرێت کە تووشی ئەو نەخۆشیانە بوویە یان نا؟ هەندێك ماڵپەڕ هەن بۆ دەستنیانکردنی و تێستی خەمۆکی و سترێس، یەکێك لەو ماڵپەڕانە، سایتی 15minutes4me.com کاتێك سایتەکە دەکەیەوە دەبێت وەڵامی ٢٥ پرسیاری دەروونناسی بدەیەوە، ئەوکات رێژەی نیگەرانی و دڵەراوکێ و خەمۆکی بەشێوەی جیاجیا بە ئینفۆگرافیك نیشان دەدات.

# رۆبۆتێک حەز دەکات قدیلەی بدەی و لە ئامێزی بگری

لە پێشانگای ساڵانەی CES2019 کە لە لاس و گاسی ئەمەریکاوە بەڕێوەچوو، ژاپۆنییەکان کە بە وڵاتی لوتکەی تەکنەلۆژیا دەژمێردرێ بەدەستی پڕەوە هاتبوون، یەکێك لەو رۆبۆتانەی لەگەڵ خۆیان لەوێ نمایشیان کرد، رۆبۆتی lovot بوو کە لەلایەن کۆمپانیای Groove Xی ژاپۆنەوە بەرهەم هاتبوون. ئەم رۆبۆتە دیزانێکی بە دیزاینە سەرنجراکێشەکەیەوە، سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشا.. لە رۆبۆتەکەدا هۆشی دەستکرد و ١٥ هەستەوەر بەکارهاتووە..

رۆبۆتەکە رۆڵی گیانداری ماڵەوە دەگێڕێت و هیچ کارێك ئەنجام نادات، لە گۆشەیەك لە ماڵەوە سەرنج و سۆزی ئەندامانی ماڵەوە بۆلای خۆی رادەکێشێ. بە چاوە شینەکانی وەك کاراکتەرێکی کارتۆنی دەچێت، ئەگەر لە پەنای راوەستی دەتناسێتەوە و دەستە بچووکەکانی هەڵدێنێ و دەبێ لە ئامێزی بگری.

رۆبۆتی «لاڤت» دەزانێت کە لە ئەندامانی ماڵەوە زیاتر سۆز و خۆشەویستی بۆی هەیە بۆیە زۆرتر لەلای ئەو دەبێت و لەگەڵ ئەو گەرمترە، کامێرا ٣٦٠ پلەکەی کە لەسەری رۆبۆتەکەدایە وا دەکات بە ئاسانی بەسەر کۆسپەکان بناسێ و بەبێ گرفت بەسەر قادرمەکاندا سەربکەوێ. رامەکەی ٨ گیگابایتە و هاردەکەی ترابایتێکە، بلوتوس و رووناکی پێو، تین پێو، شێ پێوی تێدایە. رۆبۆتی ناوبراو حەز دەکات قدیلەی بەدەی، قسەی لەگەڵ بکەی و دەستی بەسەردابێنی...



